# چوارینە

ئەحمەد تازەدێیی
سوید



مەنازە بە خۆت گەورەو سەرداری
ئە تۆش پێکهاتەی دڵۆپێ ئاوی
هەگبەی خۆت پڕ کە بۆ خزمەتی گەل
تاکوو پێت نەڵێن ئەتۆش دۆڕاوی
*****************

ژینی تۆ کورتە ئاگات لە خۆ بێ
ڕۆژێ دێ بڕۆی وەکوو پێشینان
گەر تۆمارت کرد مێژووی سەروەری
ناوت بە جوانی دێتە سەر زوومان
****************

هەوڵ بدە دڵی کەس مەڕەنجێنە
بە ڕەوشتی جوان تۆ خۆت بنوینە
دووربە لە خراپەو لە دووبەرەکی
تۆوی برایی بۆ ژین بچێنە
****************